بە
ئوومێدەوە
ردەوام دەبم

نووسینی : عبدالله دارا

بابەتەکان	ژمارە
پێشەکی	یەکەم
ئوومێد چییە ؟	دووەم
گرفت و چارەسەرەکان	چوارەم
متمانە بەخۆبوون	پێجەم
پاڵنەر	حەوتەم
پاڵنەری باوەرداری	هەشتەم
پاڵنەری هۆشیاری	یانزدەهەم
ژینگە	سیازدەهەم
دەرئەنجامی ڕاگەیاندن	پازدەهەم
ئامانج	هەژدەهەم
بۆشای لەکاتتدا	نۆزدەهەم
گرنگی بیرکردنەوە	بیستەم
پوختەی چارەسەر (زانستی)	بیست و یەک
پووختەی چارەسەر (فکری)	بیست و دوو
بێ ئوومێدی لەڕوانگەی ئاینیەوە	بیست و سێ
هۆکاری بێ ئوومێدی لەڕوانگەی ئیسلامەوە	بیست و چوار
بێئوومێد بوون و تاوانێکی گەورە	بیست و شەش
پەیامی ئاینی ئیسلام و ئومێد	بیست و هەشت
چارەسەری بێ ئوومێدی لەقوورئاندا	سیهەم
چارەسەری بێئوومێدی لەڕوانگەی ئیسلامدا	سی و دووەم
خوودا چی پێ ووتم ؟	سی و چوار
پەیامی کۆتای	سی و پێنج

پێشەکی

بەناوی پەورەردگاری تاک و تەنها و پاک و بێهاوتا
خاوەنی ناوی جوان و سیفەتی بەرز ، بەناوی ئەوخودایەی کە
زانستی ئەزەلییە و واجبە بۆ وجوودی هەموو مەوجوودێک ،
قەدەری داناییە و قەزای دادوەری ، سڵاو بۆ گیانی پاکی
پەیامبەر و خانەوادە و هاوەڵ و ئەو کەسانەی کە تا ڕۆژی دوای
شوێنەکەوتەی ئاینی ئیسلامن .
بەڕێزان دوای تەواوبوونی کتێبی (بەهای ئافرەت) کە
سەلماندنی ڕاستی ئاینی ئیسلام و گەورەی ئافرەتە بە
بەڵگەی زانستی و فکری و ئاینی ، نووسینی ئەم کتێبەم بە
پێویست زانی
پێشکەشە بە خوێنەرە ئازیزەکانم و خراوەتە بەر دیدی
خوێنەران ، ئەم کتێبە زادەی بیروهۆش و جیهانبینی نوسەرە
بەپشت بەستن بە بەڵگە ئاینی و زانستیەکان ، وە پاشان
ڕاڤەکردنێکی
فراوان بۆ زیاتر تێگەشتن ، کە بۆ ئەو مەبەستە سوودم
لەئەزموونی خۆم و چەندەها سیمینار و کتێب و سەرچاوەی
زانستی و ئاینی وەرگرتووە

ئوومێد چییە ؟

ئەگەر تەواوی ژیانی تۆ بریتیبێت لەوەی کە سەیری دونیا بکەیت ، ئەوا ئومێد ئەو پەنجەرەیەیە کە دیمەکانت بۆ دەگوازێتەوە ،
ڕوونتر بڵێم ئەگەر بیٚ ئوومێد بیت ئەوا تۆ لەپەنجەرەی ژیانتەوە هەموو دیمەنەکان بەناشرینی دەبینی و بەپێچەوانەوەش ڕاستە ،
دەتوانم بڵێم ئوومێدی باش کلیلێکە و بۆ هەموو ئەو دەرگایانە دەبێت کە بەسەر ڕووتدا داخراون ،
چوونکە هەموان دەبیٚ بزانین هیچ مرۆڤێک نییە خاوەنی هەموو شتێک بێت ئەسڵەن گەر ڕوونتر بڵێم هەمووومان خاوەنی دەیان کەمووکوڕی و خەونی بەدی نەهاتووین و دەیان کەلوپەل و چەمکی دونیای هەیە کە خولیامانن و ئێمەش خاوەنیان نین ، بەڵام ئەوە ئومێدە کە ڕێکخستن بۆ ژیانت دەکات ، پێت دەڵێت ئەوەی کە تۆ خاوەنیت زۆر گەورەیە و ئەوەشی کە تۆ خاوەنی نیت هەڵبەتە خێری تێدایە ، لەم دیمەنی جیهانەدا ئەوە ئوومێدە کە پێت دەڵیٚ هەمیشە لەگۆشەیەکی جوانەوە دونییا ببینە .

ئێمە هەمووومان پێویستمان بەوەیە کە ئومێدێکی زۆر باشمان هەبێت لەژیانماندا بۆ ئەوەی تووشی دڵتەنگی نەبین ، وە بەردەوامی دڵتەنگی دەبێتە هۆی بێ ئوومێدی
بێ ئوومێدی واتا بەکارهێنانی بیرو هزر و کردارمان بەشێوازێکی خراپ .
واتا هەمیشە فکر و بیرکردنەوەی خۆمان بەو شێوازە بەکاردێنین کە دژی خۆمانە .
زۆر بە کورتی ئەگەر پێناسەیەکی مرۆڤی گەشبین بکەین : بریتیە لەو مرۆڤەی کە بۆ هەموو کێشەیەک هەوڵی چارەسەر ئەدات
بەڵام بە پێچەوانەوە مرۆڤی ڕەشبین تەنانەت بۆ هەر چارەسەرێکیش کێشەیەکی تر بونیات ئەنێت .
گەشبینی ئەوە نییە کە ئێمە کێشەکان نەبینین و دڵتەنگ نەبین لەژیانمان ، بەڵکوو گەشبینی ئەوەیە کاتێک تۆ لەو پەڕی کێشە و دڵتەنگی بووی خاوەنی ئیرادەی زۆربەهێزی خۆتبیت وە بە ئەقڵ و بە هیوایەکی زۆرەوە لە بابەتەکان دەڕوانیت .
مرۆڤی گەشبین بە پێچەوانەی مرۆڤی ڕەشبینەوە باوەڕی بە هۆکاری و دەرئەنجام هەیە
دەزانێت لەبوونی هەر ئەنجامێک کۆمەڵێک هۆکار هەن و بەشێوازێکی ڕاست و فراوانتر لە حاڵەتەکان دەڕوانن .

گرفت و چارەسەرەکان

لەم بەشەدا گرنگترین ئەو هۆکارانە باس دەکەین کە ئومێد و گەشبینی و باوەڕبەخۆبوونت بەتەواوەتی لاواز دەکات وە لەهەمان کاتدا چارەسەرەکەشمان نووسیووە و لەبەشی دواتردا بە خشتەیەک چارەسەرمان نووسیووە ، کە خۆی زۆر هۆکار دەبنە هۆی ڕەشبیری و بێئوومێد بوون بەڵام ئێمە لەم کتێبەدا ئاماژەمان بە گرنگترین و سەرەکیترین کێشە و چارەسەرەکان کردووە .
کە ئەم حەوت خاڵە ئاستی ئومێد و فراوانی جیهانبینی و گەشبینی تۆ دیاری دەکەن بریتین لە :

- متمانە بەخۆبوون
- کاتی بەتاڵ (بۆشاییەکان لەژیانتدا)
- پاڵنەر
- ژینگە
- ڕاگەیاندن
- ئامانج
- چۆنیەتی بەکارهێنانی هزرمان بۆ بیرکردنەوە

متمانە بەخۆبوون

ئەو کەسانەی کە متمانە بەخۆوبونیان لەدەس داوە بریتین لەو کەسانەی کە خاوەنی بڕیاری خۆیان نین و باوەڕیان بە توانا جەستەی و هزریەکانی خۆیان نییە و ئەو کەسانەن کە بەقسەی خەڵکی سارد دەبنەوە و ئەو ناوەڕۆکەی کە هەیانە بەئاسانی لەلایەنی خەڵکەوە دەسکاری دەکرێت و ڕێگە بە خەڵکی دەدەن کە ساردیان بکەنەوە .

بەڵام ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بۆخۆیانە
هەمیشە لەلوتکەی ئومێددان ، ئەو کاتەی مرۆڤ پێی وایە دەگاتە ئامانجەکەی ، ئەوا بە نیووەی ئامانجەکەی گەشتووە !!

ڕاستە چەتر باران ڕاناگرێت ، بەڵام یارمەتیت دەدات کە تەڕ نەبیت . بەهەمان شێوەش متمانە بە خۆبوون شکستەکانت بۆ کەم ناکاتەوە بەڵکوو ڕێگەی سەرکەوتنت بۆ ئاسان دەکا و هانت دەدات زیاتر کاربکەیت بۆ ئەو ئامانجەی کە بۆ تۆ باشە و خۆت هەڵتبژاردووە ،
دەکرێت بڵێن متمانە بەخۆبوون هۆکارێکی قووڵە کە ئومێدت پێ دەبەخشێت .

متمانە بەخۆبوون

بڕوانە ئەم کورتە چیرۆکە :
ئاسک هەمیشە لە شێر خێراترە لە ڕاکردندا
کە شێر هەرگیز ناتوانێت پێی بگاتەوە
بەڵام دەزانیت بۆ ئاسکەکان دەبنە نێچیری شێرەکان ؟
چوونکە ئاسکەکان هەمیشە ئاوەڕدەدەنە دواوە و
متمانەیان بە تواناکانی خۆیان نییە .

پــاڵــنــەر

بوونی پاڵنەر بوونی هەوڵدانێکە بۆ مەبەستێک،
یاخوود هۆکارێکە بۆ بەردەوام بوون لەژیانت.
تۆ بۆ هەر کارێک دەیکەیت پاڵنەرێک هەیە ،
بۆ نموونە کاتێک دایک بەدیار کۆرپەلەکەیەوە
تا ڕۆژ هەڵدێت بەدیارییەوە شەو نخوونی بۆ دەکا و خۆی
دەکاتە ئازارەوە و نۆ مانگ لە پێستی سکیدا هەڵیدەگرێت ،
دەزانیت ئەم هەموو ئازارا بۆ قبوڵ دەکات ؟ چونکە پاڵنەری
هەیە !
جۆری پاڵنەرەکەی بریتیە لە پاڵنەری خۆشەویستی ، ئەوە
خۆشەویستیە کە پاڵی دەنێت بەرگەی ڕۆژە سەختەکانی
ببێتەوە
کە لەکۆتایدا ئەم دایکە بەرهەمی پاڵنەرەکەشی دەبینێت
کە گەورە کردنی منداڵێکە و پاشان بە مرۆڤێکی کامڵ کە
ئەم مرۆڤە دەبێتە ڕووناکییەک بۆ کۆمەڵگاکەی ، ببینە ئەم
سەرکەوتنە مەزنە تەنها پاڵنەرێکی خۆشەویستی
دروستی کرد ،

پاڵنەری باوەڕداری

جۆرەکانی پاڵنەر زۆرە ، پاڵنەری خۆشەویستی ، پاڵنەری پارە ، پاڵنەری دەروونی هتد ...
بەلاّم باشترین جۆری پاڵنەر بریتیە لە پاڵنەری ئیمانی (باوەڕی) هەر بۆیە گەورەترین دیاری خوودا بۆ بەندەکانی بریتیە لە (ئاینی ئیسلام)
لەکتێبی (بەهای ئافرەت) بە وردی باسی شارستانی و سوود و تایبەتمەندیەکانی ئاینی ئیسلاممان کردووە لەڕووی زانستی و فکری و مێژوویەوە
بۆیە ئێستا ئەو باسە زۆر بە خێرای تیشکێک دەخەمە سەری ، پێش ئەوەی باسی ئاینی ئیسلام بکەم باسی گرنگی باوەڕداری دەکەم لە ناوەڕۆکی مرۆڤدا ، مرۆڤ هەموو ژیانی لە حاڵەتدایە ، واتا تۆ کە ئێستا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە پێی دەوترێت حاڵەت ، کە خراپەکاری دەکەیت حاڵەتە،
کە کاری باشیش دەکەیت هەر حەڵەتە ، واتا مرۆڤ هەموو ژیانی لەناو حاڵەتتدا ، مرۆڤ لەبەردەم هەموو حاڵەتەکانیشی پشت بەبیرکردنەوەکانی دەبەستێت ، بیرکردنەوەش دوو جۆری زۆر سەرەکی هەیە ،
ـــ بیرکردنەوەی زانستی
ـــ بیرکردنەوەی باوەڕداری

بیرکردنەوەی زانستی پشت دەبەستێت بەو زانیارییانەی کە تۆ لەژیانی خۆتدا پێیان گەشتووی ، وە بیرکردنەوەی باوەڕی ڕوونتر بڵێم بریتیە لە بیرکردنەوەی ئاینداری بەپێی ئاینەکەت
جا ئێستا دەمەوێت بەنموونەیەک باسی گرنگی ئاینداری بکەم و بەتایبەت تریش ئاینی ئیسلام ،
ئێمە زانیمان مرۆڤ بەردەوام لەحاڵەتتدایە و بۆ هەموو حاڵەتێکیش مرۆڤ پشت بە بیرکردنەوەکانی دەبەستێت ، با نموونەیەک بهێنینەوە ، گریمان تۆ گەنجێکی و لەحاڵەتێکدا هاوڕێیەکت پێشنیاری ئەوە دەکات کە دزیەک بکەیت ، بەهەموو پێوەرێکی ئەقڵی بەدەستهێنانی پارە قازانجە کەواتە تۆ لەڕووی زانستی و زانیارییەوە پارەکە بدزیت قازانج دەکەیت ، بەڵام!!! ئەوە ئاینەکەتە کە پێتدەڵێت نەخێر دزی کردن حەرامە (خوێنەر دەبێت لێرەدا لە گرنگی ئاینداری تێگەشتبێت)

جا با بگەڕێینەوە سەر ناوەڕۆکی باسەکە و بپرسین ئایا بۆ پاڵنەری ئاینی باشترین پاڵنەرە بۆ دەبێت هەموو کەسێک ئەم پاڵنەرەی هەبێت ؟
چوونکە ئاین و بەتایبەتتریش ئاینی ئیسلام
لە چوارچێوەی سنوورێکدا دەتهێڵێتەوە و ناهێڵێت زیاتر ڕۆبچیت لە بابەتەکان و ڕێکخستنت بۆ دەکات ، نموونە تۆ ئەگەر ئایندار نەبیت 15 ساڵ هەوڵ بۆ کڕینی سەیارەیەک دەدەیت و پێی ناگەیت و خەفەت دەخۆی ئەم خەفەت خواردنە ڕەنگە بگاتە ئاستێک تۆ ڕەشبین بکا و هەتا لەوانەیە خۆشتی بۆ بکوژی ، بەڵام ئەگەر پاڵنەری ئاینداریيانەت هەبوو خۆ ڕاستە دڵتەنگیەکەت هەر دەبێت کە نەگەشتووی بە سەیارە دڵخوازەکەت بەڵام ئومێد لە دەس نادەیت و خۆشت ناکوژی و ئەسڵەن ئومێدەکانت هێندە قوڵ و فراوانن کە خۆت بەگەورەتر دەزانیت لە کێشەکانت ،
بۆیە پاڵنەری ئاینی سەرەکترین و سەرەتایترین پاڵنەرە کە تۆ دەبێ هەتبێ بۆژیانت بۆئەوەی کە تووشی هەورازێک بوویت یەکسەر بێ ئوومێد نەبی و لەخاڵێکدا کۆتایت بەژیاندا بێت!
پاڵنەری ئایندارییت بەهێزبکە و پاشان کار لەسەر پاڵنەرەکانی تریش بکە...

پاڵنەری هۆشیاری

لەڕووی فکرییەوە زۆر هۆکار هەن تا وەکوو ئومێد و قەناعەت و متمانە بەخۆبوونت بۆ دروست بکەن ،
زۆر ڕێگا هەن کە وات لێدەکەن هەرگیز خۆت بچووک نەکەیتەوە لەبەرامبەر ئەو کەلووپەلانەی کە خاوەنیان نیت ،
بەڵام گرنگترین هۆکارێک بریتیە لە ئاستی هۆشیاری ،
ئاستی هۆشیاریش بریتیە لە تێگەشتنی تۆ بۆ ژیان ، واتا تۆ چۆن لە ژیان تێگەیشتوویتە؟؟
مرۆڤی ژیر دەبێت تێبگات کە ئەو لە ژیاندایە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕۆژگارە سەختەکان و بەرگەگرتنی بەرزی و نزمیەکانی ڕۆژگار ، مرۆڤی ژیر دەبێت تێبگات کە لەتاقی کردنەوەدایە ،
تاقی کردنەوەش بەشێوازێکە کە تۆ هەرگیز وڵامت پێ نییە بۆ هەموو پرسیارێک ،
ڕوونتر بڵێم لە ڕێگای ڕاستتدا کەس نابێت بە شۆفێرێکی باش ، بێگوومان تۆی خوێنەریش کە مرۆڤیت بەدوور نیت لەم تاقی کردنەوە و بەرز و نزمیەی ژیان ،

تێبگە لەوەی کە تۆ لەلایەن دروستەکەرێکەوە دروستکراوی بۆ مەبەستێکی گەورەتر ئەو مەبەستەش لە قورئاندا زۆر بەڕوونی باسکراوە

(وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ) الذاريات[56]

هەر بۆخۆی تێگەشتن لەو ئایەتە و کارپێکردنی
دەبێتە بەهێزترین چەک لەبەرامبەر هەموو ئەو ناخۆشیانەی کە ڕوبەڕووت دەبنەوە .
کەواتە بیرکردنەوەکانت بگەیەنە ئەو ئاستە بەرزەی تێبگەیت کە تۆ گەورەتریت لەو بابەتەنەی کە دەستت پێیان نەگەشتووە ، ئەو پارەیەی کە ڕۆژانە هەزاران
کەس خۆیان دەکوژن بۆی ئەوە مرۆڤە کە بەهای بە پارە بەخشیووە ، خۆ ئەگەر مرۆڤێک نەبێت هەموو پارەی دونیا ڕوح و ژیریان تێدا نیە ، ئاخر کارەساتە مرۆڤ بۆ شتێک دڵتەنگ بێت کە خۆی دروستی کردووە ، تێبگە تۆ لەپارە گەورەتریت ، ئەوە تۆیت بەها چەمکەکانی ژیان دەدەیت ،

ژینگە

ژینگەی بریتیە لە ڕووبەرێک و چەند کەسێکی دیاری کراو ،
زۆر گرنگە مرۆڤ بزانێت لەکوێدایە ،
شوێن یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی ئاستی تۆ و پێگەی تۆ ،
لای قەساب گۆشت هەیە و لای دەرمانخانە دەرمان هەیە و لەباڕدا لەشفرۆش هەیە و لە قومارخانەکاندا پیاوکوژ هەیە هتد ....
بەڵام پێم بڵێ تۆ لەکوێیت ؟
پێشم بڵێ لەگەڵ کێیت ؟
وە لەخۆشت بپرسە چواردەورەکەت کە ئەو کەسانە دەگرێتەوە هاوڕێتن و نزیکتن چ ژینگەیەکیان بۆت ڕەخساندووە ،
ئاگاداربە چەندێکیش داهێنەر بیت لەناو ژینگەی دروستدا نەبیت ناگای بە ئەنجام ، وەک چۆن لە وڵاتی کۆریای باکوور ناتوانیت بیر لە داهێنان بکەیتەوە ئەزانی بۆ ؟ چونکە لەوڵاتی کۆریای باکوور خەڵکەکەی لە ژینگەیەکدان ئەوەندە چەرمەسەری و ئازاریان لەلایەن دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانەوە دراون خەڵک لەوێ بەس بیری لای کەمێک نان و تۆزێک ئازادییە لەوێ کەس گوێ نادات بە داهێنان !!
ببینە ژینگە چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی و ئومێد و ئامانج و ئاستی هۆشیاریت ،
بەوریاییەوە مامەڵە بکە لەگەڵ ئەو ژینگەی کە بۆخۆت هەڵی دەبژێریت.

ڕاستە کۆمەڵگا دەسکاری ناکرێت بۆ نموونە تۆ لەسکی دایکتدا هەڵتنەبژاردووە کە ڕووسی بیت یان فلیپینی
کۆمەڵگا دەسکاری ناکرێ ، بەڵام ژینگە ڕووبەرێکە لەلایەن خۆتەوە دیاری دەکرێت و خۆشت بەخەڵکی جۆراو جۆر پڕی دەکەیتەوە ، بۆ نموونە دەتوانیت سنوری ژینگەی خۆت تا لای بازاڕەکەی ماڵ خۆتان بیێ و لەم ژینگەیەشدا چەن کەسێک بوونیان هەیە و چەند کەسێکیش بەدەستی خۆت دەکەیتە هاوڕێ و هاوبەشی ژینگەکەت ، ڕوونتر بڵێم ، تۆ ئەگەر ڕووبەرت تا لای مزگەوتەکەی لای ماڵی خۆتان بێ
ئەوا ژینگەی تۆ بریتیە لە ژینگەیەکی ئایندارییانە و ئەو کەسانەی کە تووشت دەبن یان خۆت دەیکەیتە هاوڕێی خۆت بریتین لەچەند کەسانێک خاوەنی باوەڕی ئیسلامین و بەئومێدەوە وەک تۆ دێن بۆ مزگەوت و داواکارییەکانیان لەخوودا دەکەن و ئەرکە دینداریەکەی خۆیان بەجێ دەگەیەنن ، بەڵام هەر تۆ ئەتوانی سنوورەکەت فراوان بکەیت تا قومارخانەکەی بازاڕ و لەوێش بەهەمان شێوە چەن کەسێکت تووشدەبن و چەند کەسێکی قومارچیش دەناسی کە تەواوی مانای ژیان لای قومارچی بریتیە لەبردنەوەی تۆزێک پارە و خۆشی کاتی لەسەر پێوەری دڵتەنگکردنی کەسی بەرامبەر و هەندێ جار ئازاردانیشیان ،
خوێنەری ئازیز لێرەدا دوو خولەک بوەستەو بەخێرای لەمێشکی خۆتدا بەراوردێک بکە لەنێوانی ئەم دووکەسەدا و بزانە جیهانبینی و ئاستی هۆشیارییان و ئاستی گەشبینیان چەنێکی فەرقە !!
کەوایە ژینگە پێوەرێک و پاڵنەرێکە بۆ ئوومێد و جیهانیبینی و ئاستی هۆشیاری و کەسایەتیت .

دەرئەنجامی ڕاگەیاندن

پێش ئەوەی باسی دەرئەنجامی ڕاگەیاندن بکەم
بۆ زیاتر تێگەشتنی خوێنەر دەمەوێت پێناسەیەکی ڕاگەیاندن بکەم ،
ڕاگەیاندن بریتیە لەتەواوی ئەو دەنگ و ڕەنگانەی کە لەدەرەوەی تۆ ڕوودەدەن و بەشێوازی جیا جیا دەگات بەتۆ ، کە لەسەردەمی ئێستادا ڕاگەیاندن
بەڕێژەی سەدا 95% لە سۆشیال میدیا و دوونیای ئینتەرنێتدا کۆدەبێتەوە ،
وە ئەگەر سۆشیال میدیاش کەمێک وردتر بکەینەوە دەبینین تۆڕێکە لەسەر پێوەری شەبەکە لەتوانایدایە لەو سەری جیهان تا ئەم سەری جیهانت بۆ کۆبکاتەوە ، بەڕادەیەک تەواوی ئەوەی لەدوونیای دەرەوەدا ڕوودەدات دەتوانیت
لەناو سۆشیال میدیادا بەرجەستەی بکەیت و بیبینی و ئەسڵەن پێشت دەگات ،
زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کە کرداری مێشک پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەو دیمەنانەی کە دەیبینێت ، کەواتە دەبێت خوێنەر تێگەشتبێت بینین و بیستن ڕۆڵێکی فراوانی هەیە لە کردار و دەرئەنجامە جیاوازەکانی مێشک
ئەی ئایا ئێمە لە سۆشیال میدیا چی دەبینین ؟

لێرەدا من باسی کەسێکی خەیاڵی دەکەم
کە وەک مەلائیکەت هیچ غەڵەتێک ناکا .
ئەم مرۆڤە کە دەچێتە سەر سۆشیال میدیا
ڕاستەوخۆ دەیان شت دەبینێت کە ئامانج و خەونی ئەوە و
بەدەستی نەهێناوە ،
نموونە / گەنجێک سەیارە دڵخوازەکەی خۆی دەبینێت کە
خۆی نییەتی ئەمەش خۆ قبووڵ نەکردن دروست دەکات ، لە
شوێنێکی تر هەرزەکارێک لەڕێگەی ڕیکلامە جۆراوجۆرەکان
وردە وردە پێدەنێتە نێو سایتە پۆڕنۆگرافیەکان ، ئیتر مێشکی
کە بناغەی بیرکردنەوە و ولاّمدانەوەی تەواوی حەلاّتەکانی
ژیانێتی پەروەردەی دەکات بەشێوازێکی پۆڕنۆگرافییانە!!! دوای
ماوەیەک لە زۆر سەیرکردنی ئەو سایتە ئەو مرۆڤە ئەوەندە
بچووک دەبێتەوە کەتەواوی ژیان لای ئەو دەبێتە
دەرئەنجامێکی سێکس (ئۆرگازم) ،
وە بەوەش ناوەستێت ، تا وای لێدێت ئەم مرۆڤە
کار دەکات بۆ ئەوەی بەدەستی بهێنێت ،
وە کاری خراپیش خولقیەتی وایە هەرچۆنێک بۆی بڕۆیت
کارەساتی گەورە دەخەیتە کۆمەڵگا و ژیانی خۆشت ،

ئەوەی کە باسمان کرد هەرزەکارێکە و تێدەکەوێت چجای گەر کەسێک خۆی بۆی بگەڕێت!! هەر بەیەک کلیک کەلێن دەخاتە خۆی و کۆمەڵگاکەشی ، مرۆڤێکی بەوشێوازە دۆڕاو ئایا ئوومێدی چی دەبێت بەرامبەر ژیان ؟
ئایا مێشکی توانای بیرکردنەوەی ڕاستیەکانی هەیە ؟ ، ئایا ئەم کەسە دەتوانێت بەرەنگاری ڕۆژە سەختەکانی ببێتەوە ؟ بەرگەی بەرزی و نزمیەکانی ژیانی دەگرێت ؟ ، ئەوە هەرباسی ئەوە ناکەم کەمرۆڤێکی لێدەردەچێت تینووە بەخوێنی خۆی! چجای ئەوەی ئوومێدی هەبێت .... پێویستە مرۆڤی ژێر سیستەمێک و فلتەرێک دابنێت بۆ سۆشیال میدیای و تەواوی جۆرەکانی تری ڕاگەیاندن بۆئەوەی لەڕووی ڕاگەیاندەوە خوودی خۆی و ئومێدیش لەدەس نەدات ،
لەئێستاوە دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاکانت بکەیت .

ئـــامـــانـــج

ئامانج بریتیە لەو کردارەی کە ڕێگا و کرداری تۆ دیاری دەکات ، نموونە کاتێک تۆ ئامانجت تەواوکردنی خوێندن بێت دەبینیت ژیانت دەبێتە سەعی کردن و خوێندەوە ، یان ئەگەر ئامانجت ئەوەبێ کە لەش و لارێکی جوانت هەبێت بەگشتی ژیانت دەبێتە ڕێی هۆڵی لەشجوانی و ڕاهێنان کردن ، یان ئەگەر هیچ ئامانجێکت نەبێت

ئەوە تۆ کە لەخەوهەڵدەستیت نازانیت بۆ هەڵساوی وە ناشزانی کێیت وە ناشزانی دەبێ چیبکەیت بێگوومان نەبوونی ئامانج هۆکارێکی گرنگی بێ ئوومێدییە ، پێویستە مرۆڤی ژیر کاربکات تا وەک و لەناو خۆیدا خۆی بناسێنت بە خۆی و لە ڕێگای ئاستی ژیری و ئاستی تواناکانی ڕێگا دڵخوازەکەی خۆی هەڵبژێرێت ، ئامانج چەمکێکی ناوەڕۆکییە واتا لەناوەوەی خۆتدایە ،

هەموو شتێک لە ژیاندا بای نرخەکەی گرنگی پێ دەدرێت ، بەها و نرخی مرۆڤیش لە ناوەڕۆکدایە

باشترین ناوەڕۆکی مرۆڤیش ئامانجە ، ئامانجیش پێناسە و وەسفی تۆیە کە قەڵەمەکە لای خۆتە و بەدەستی خۆت دەتوانیت نرخ و قیمەتی خۆت بۆخۆت دیاری بکەیت لەڕێگەی ئامانجەکەتەوە .

بۆشای لەکاتدا

هەموو مرۆڤێک بۆشای گەورەی هەیە لە ژیانیدا لەبوارە جیاوازەکان ، بەڵام مرۆڤی ڕاستەقینە ئەو مرۆڤەیە کە بتوانێت بۆشاییەکانی خۆی بە چەمکی شایستە پڕبکاتە .
وە بۆشای لە کاتەکانی ژیانماندا کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەسەر شێوازی ژیانمان و تووشبوونمان بەخەمۆکی و بێ ئوومێد بوون ،
زۆرجار کاتی بەتاڵ نزیکت دەکاتەوە لە هەڵە کردن و بەرەو گرفتی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و هتد ئـەکەنەوە ، بۆیە دەبێتە مرۆڤ
بەپێی توانا و خولیاکانی خۆی کاتەکانی بە باشترین چەمکە دڵخوازەکانی خۆی پڕ بکاتەوە

تێبینی لە لاپەڕەکانی کۆتایشدا بەخشتەیەک پڕکردنەوەی کاتەکانمان بەباشترین شێوازی زانستی بۆ بەرجەستەکردوون .

گرنگی بیرکردنەوە

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد ، مرۆڤ هەموو ژیانی لەناو مەوقیف و حاڵەتتدایە ، بۆ هەموو مەوقیف و حاڵەتێک مرۆڤ پشت دەبەستێت بەبیرکردنەوەکانی ، وە کاتێک تووشی حاڵەتێک یان گرفتێک دەبێتەوە ئەم مرۆڤە بە پرۆسەی بیرکردنەوەدا دەڕوا و لەڕێگەی بیرکردنەوەوە حاڵەتەکە لێکدەداتەوە و شیکاری بۆ دەکات ،
بیردەکاتەوە ئەم ڕووداوە چۆنە ؟ هۆکارەکان چین ؟ چۆن چارەسەری بکات ؟ ، بەڵام ئەگەر بەنەرێنی بیری لێکردەوە یان بە هەڵە یان بە ڕەشبینی بیری کردەوە ، ئەوا ڕووداوەکە و گرفتەکەی قەبارەیان زیاتر گەورەتر دەبێتەوە ،
بەڵام ئەگەر بیرکردنەوەکەی دروست و گەشبینانە بوو ئەوا ئەوکات فشارەکە لە ئەندازەی خۆیدا دەبینێ و بۆشاییەکی باشتری بەدەستەوەیە بۆ چارەسەری کێشەکەی ،
نەزانین لە بیرکردنەوە نزیکت دەکاتەوە لە نائومێدی ، ئەگەر تۆ لەکارەکەت دەرکرای و پێت وابێ ئیتر لەبرسا ئەمری ئەوا هەنگاوێک لە برسی بوون نزیک دەبیتەوە بەو بیرکردنەوە هەڵەیت!
بەڵام ئەگەر بیرکردنەوەکانت دروست بوو ئەوا کێشەکەت لە قەبارەی خۆیدا دەهێڵیتەوە و نا ئومێد نابیت ، مرۆڤی ژیر هیچکات بیرکردنەوەکانی دژی خۆی بەکارناهێنێت ،

پووختەی چارەسەر لەڕێگەی زانستیەوە

چۆن بتوانین سوود لەم حەوت خاڵە وەربگرین کە پێشتر باسمان کرد ؟

- ئامانج = بۆ ئەوەی ڕێگا و کرداری خۆت بزانیت و بزانیت کێیت ،
- ژینگە = هەڵبژاردنی ژینگە دروست ، بزانە ژیانی تۆ لەکوێدایە و لەگەڵ کێ دایت ، چوونکە شوێن و کەسی هەڵە تووشی شکست و نا ئومێدیت دەکەن
- پاڵنەر = هەمیشە با هۆکارێک و بیانوویەک هەبێت بۆ ئەوەی بەردەوامبیت لەژیان
- کاتە بەتاڵەکان = یەکەم هەنگاو بۆ ئەوەی دوربیت لەگرفت و بێئوومێدی هەوڵبدە کاتەکانت بە چەمکی گونجاو پڕ بکەوە
- ڕاگەیاندن = کۆنترۆڵی شتانی چواردەورت بکە ، بزانە چی ئەبینی و بزانە چی ئەبیستیت ، چوونکە ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانت و بیرکردنەوەکانت دروستەکات
- متمانە بەخۆبوون = بڕوات بەو شتانە بێت کە خاوەنداریان دەکەیت و سوپاسگوزاربە لەسەری ، تاوەک و خەڵکی دەسکاری ناوەڕۆکت نەکەن و ساردت نەکەنەوە و بێ ئوومێد نەبیت
- بیرکردنەوە = هیچکات بیرکردنەوەکانت نابێت لەدژی خۆت بەکاربهێنیت ، تا وەک و قەبارەی فشار و گرفتەکان زیاتر نەبن لەسەرت و بێ ئوومێد نەبیت

باشترین خشتە بۆ چارەسەری بێ ئـوومێدی لەڕووی فکریەوە

بیرکردنەوەی
باش
+
هەوڵدان
+
بوونی ئامانج
ژینگەی شیاو
پاڵنەری بـــاش
پڕکردنەوەی کاتەکانت
سانسۆر کردنی ڕاگەیاندن
متمانە بەخۆبوون
بیرکردنەوەی ئەرێنی

وە هەمیشە باوەڕت وابێت
کە ئەنجام بەدەستی
خودایە و
تۆ ئەوەی لەسەرت بووە
بەباشترین شێواز ئەنجامت
داون
ئەگەر خودا کردی ، ئەوا
دڵخۆشبە بە هەوڵەکانت
ئەگەریش خودا نەیکرد
هەڵبەتە خودا
بەزانستی خۆی زاناترە و
باشتری
بۆ داناویت

ئەم خشتەیە دەتگەیەنێت بەبەرزترین ئاستی بیرکردنەوە و گەشبینی و دڵتەنگ نەبوون ، بەشێوازێک کاریگەری لەسەرت دەبێت ، کە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونتەوە خۆت بەگەورەتر بزانیت لە کێشەکانت و تووشی خەمۆکی و نائومێدی نەبی و لەناو قەرەباڵەغی ژیاندا خۆتت لێ ون نەبێت

بێ ئوومێدی لەڕوانگەی ئاینیەوە

ئەگەر دەپرسیت بۆچی لەڕوانگەی ئاینیەوە باسی ئەم چەمکەت کردووە ئەوا ئێمە گرنگی ڕۆڵی ئاین لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا لە لەپەڕەکانی پێشوو بەشوازێکی کورت باسمانکردووە ،
وە کاتێک من لەڕوانگەی ئاینیەوە چارەسەر و هۆکارەکان دەسنیشان دەکەم من وەک نووسەر
پشت بە ئاینی ئیسلام دەبەستم . گەر دەپرسیت بۆ ئاینی ئیسلام هەڵدەبژێری ئەوا ئێمە لەکتێبی (بەهای ئافرەت) بەراوردی هەموو ئاینەکانی ترمان کردووە و ئاینی ئیسلاممان بە باشترین ئاین دەسنیشان کردووە بەبەڵگەی فکری و زانستی و مێژووی و ئامار (ئەم خاڵە بۆیە باسدەکەم چوونکە من زۆرینەی خوێنەرەکانم بێ باوەڕن ، پێش ئەوەی پرسیارەکەم لێ بکەن من وڵامم داونەتەوە) جا ئەگەر ئەتەوێت بگەیت بە ڕاستی و جوانی ئاینی ئیسلام و چەند وردەکارییەکی گرنگ بزانیت وەک بەڵگە . دەتوانیت کتێبی (بەهای ئافرەت) بخوێنیتەوە .

هۆکاری بێ ئوومێدی لەڕوانگەی ئیسلامدا

پێش ئەوەی چارەسەر و مژدە دڵخۆشکەرەکان باسبکەم ، زۆر بەکوورتی ئەمەوێ هۆکاری بێ ئوومێدی لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە باسبکەم زۆر بەکوورتی ،

بێ ئوومێدی لەڕوانگەی ئیسلامدا : بریتییە
" لەوەی کە تۆ خوودا ناناسی " واتا تۆ هەرگیز خودات نەناسیووە بەناوە جوانەکانی و شارەزاییت نییە لە سیفەتەکانی خودا و بڕوات پێی نییە ،

چوونکە ئەگەر شارەزابی و بڕوات بە سیفەتەکانی خودا هەبێت ، یەکێک لەسیفەتەکانی (الرحمن) واتا بەخشندە ، بەواتایەکی فراوانتر هەم دەتبەخشی ، هەم پێشت دەبەخشێ!! ،
وە ئەوەش بزانە سیفاتی خودا وەک سیفاتی مرۆڤ نییە ، سیفاتی خودا بەرزترین نموونەیە و هیچ کات کەمووکوڕی تێدانییەو بەمانای کەلیمە
سیفتەکانی پڕ بەپێستی خۆیەتی ،

کەواتە بۆمان دەرکەوت لەڕووی خوداناسییەوە
بێ ئومێد بوون گەورەترین تاوانە و نەشارەزای و نەناسینتە بۆ خودا و لەمانای خودا بوون تێنەگەشتووی و کەلێن و بۆشای گەورە لە ئیمانتدا هەیە .
خوودا بەهادارە ، وەک ڕوونە لای بەڕێزتان هەمووشتێکی بەهاداریش پەیامی تێدایە ،
وە هەموانیش دەزانین پەیامەکانی خوودا لەڕێگەی ئاینی ئیسلامەوە دەبینرێت ، وە ئیسلامیش دوو سەرچاوەی ڕاستەقینەی هەیە کە کرۆکی ئاینی ئیسلامن واتا ، خەڵکی مسوڵمان ئاینی ئیسلام تەنها لە دوو سەرچاوەوە وەردەگرێت کە بریتین لە (قورئان) و (فەرموودە) ، با بزانین قورئان و فەرموودە چیمان پێدەڵێت لەم بارەیەوە ؟ چۆن وەسفی دەکەن ؟ وە چارەسەرەکەشی بەچی دەسنیشان دەکەن ، لەدوای ئەم لاپەڕەوە هەوڵدەدەم بەشێوازێکی زۆر کورت و پوخت باسی بێ ئومێد بوون بکەین لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودە .

بێ ئوومێد بوون و تاوانێکی گەورە

بێ ئوومێد بوون لە ڕەحمی خوودا یەکێکە لەو تاوانەی کە گەورەیە و لەبازنەی خودا پەرستی دەرت ئەکات ، وە لەچەندین ئایەت و فەرمووودەدا باسکراوە ، ئێمە لێرەدا بەخێرای تیشک دەخەینە چەند ئایەت و فەرمووودەیەک

خوودای گەورە لەباسی بێ ئوومێدیدا پێمان دەفەرموێت :

إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ. (يوسف/٨٧)

واتە: بەڕاستی کەس لەڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورە بێ ئومێد نابێ ئیللا خەڵکێکی کافرو بێ باوەڕ نەبێت.

وە دەفەرموێت:

وَهُوَ ٱلَّذِي يُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ مِنۢ بَعۡدِ مَا قَنَطُواْ وَيَنشُرُ رَحۡمَتَهُۥ.. (الشورى/٢٨)

واتە: هەر خوای گەورەیە بارانی بەڕەحمەت دەبارێنێ بۆ خەڵکی لەدوای ئەوەی خەڵکی بەتەواوەتی بێ ئومێد بوون لەبارینی.

پێغەمبەر و پێشەوای مرۆڤایەتی(ﷺ) لەباسی بێ ئومێدیدا دەفەرموێت:
لایموتن احد منکم الا وهو یحسن الظن بالله. (رواه مسلم/٣٨٧)
واتە: باکەس لەئێوە ماڵ ئاوای لەدنیا نەکات ئیلا گومانی باش بێت بەرامبەر بەخوداو ئومێدی هەبێت کە خوای گەورە باشترین مامەڵەی لەگەڵ دەکات .

پێغەمبەری نازدارمان دخ دەفەرموێت ئەگەر بەوێنەی چیای ئوحود ئاڵتونت هەبێ و لەڕێی خوادا بیبەخشیت خودا لێت وەرناگرێ هەتا بڕوات وابێ کە ئەوەی تووشت بووە هەر ئەبوو توشت بێ یاخوود ئەوەی تووشت نەبووە هەر ئەبوو توشت نەبێ ، ئەگەر بمری و بەو بیرو باوەڕەوە دەخرێیتە ئاگری جەهەنەمەوە ، چونکە خودا هەمیشە ئەوەمان بۆ دەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندی تۆدایە !!!! .

لە خاڵێکی تردا پێغەمبەری ئازیز دخ سوێند ئەخوا
چوونکە پێغەمبەر هیچ پێویست ناکات سوێن بخوات ئیلا مەگەر بابەتەکە بابەتێکی زۆۆر گرنگ بێ ، پێغەمبەری ئازیز سوێن ئەخوات دەڵێ
والله هەر کار و پێشهاتێک خودا بیهێنیە ڕێی مسووڵمان خێری ئەو مسوڵمانەی تێدایە ئیتر پێم ناڵێی تۆی ئیماندار بۆچی دڵتەنگ ئەبیت ؟

ئەمەوێ بڵێم ، ئەگەر هێشتا بێ ئوومێد و ڕەشبییت بەڕاستی تۆ گومانت لەدەسەڵاتی خواهەیە و سوێندی پێغەمبەریش بەدرۆ ئەخەیتەوە!

پەیامی ئاینی ئیسلام و ئوومێد

گەشبینی وشەیەکە سەرکەوتنەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە، وشەیەکە دەبێتە مایەی بە گەڕخستنی تواناکان و بە هێزکردنی گۆڕان و بەرەو پێش چوون لە مرۆڤدا، وشەیەکە وامان لێدەکات بە چاوی خۆشەویستیەوە بڕوانینە شتەکان.بۆیە خووشک و برای مسوڵمانم پێویستە گەشبین بیت بۆ ئەوەی بتوانیت تواناکانت بەگەڕ بخەیت و ببیتە کەسێکی بەرهەم دار ، مسوڵمانی بەرێز لە قورئاندا چەندین چیرۆک هەیە پڕە لە پەند بۆ کەسی ژیر و هۆشمەند. ئەم چیرۆکانە وامان لێدەکەن گەشبین بین و هیوا و ئومێدمان بە خوای خۆمان هەبێت، یەکێک لەو چیرۆکانە چیرۆکی پێغەمبەر موسایە (علیه السلام)، لەو کاتەی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە و شوێنکەوتووانی لە شار دەرچوون، لەو کاتەدا بینیان لە پێشیانەوە دەریای نیلە و لە دوایشیانەوە فیرعەون ودار ودەستەکەیەتی، لێرەدا شوێنکەوتووانی موسا (علیه السلام) بەموسایان ووت: [إِنَّا لَمُدْرَكُونَ] (سورة الشعراء: 61)، واتە: ئەی موسا تازە هەموومان تیاچووین، بەڵام موسا (علیه السلام) بەو پەڕی گەشبینیەوە فـەرمووی:[كَلَّا إِنَّ مَعِىَ رَبِّى سَيَهْدِينِ] (سورة الشعراء: 62)، واتە: مەترسن خوامان لەگەڵدایە و هەرگیز زایەمان ناکات،

خوای گەورەش ڕزگاری کردن و دەریاکەی بۆ لەتکردن تاوەکو پەڕینەوە، پاشان هەر لەو دەریایەدا سەرسەخترین دوژمنی موسای لەناو برد کە ئەویش فیرعەون بوو.
ئەی هەڵگری پەیامەکەی الله ، دڵنیابە لە دوای تەنگانە و خەم و خەفەت خۆشی و شادی دێت، ئەی ئەو ئایەتەی خوای گەورەت نەبیستووە کە دەفەرموێت: [فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا] (سورة الشرح: 5 ـ 6)، واتە: بەڕاستی لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی دێت، بێگومان بە دڵنیایی یەوە لە گەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی هەردێت.
ئەم ئایەتە ئەوپەڕی مانای گەشبینی لە دەروونی مسوڵمانە ڕاستەقینەکاندا دروست دەکات.
وە هیوام وایە لەدوای خوێندەوەی ئەم کتێبە گەشبینی بکەنە سیفەتێکی جێگییر لە خۆتاندا ،

چارەسەری بێ ئوومێدی لە قورئاندا

زانایانی دەروونناس دەڵێن: "باشترین ڕێگاچارەی زۆر لە نەخۆشییە دەروونییەکان و بەتایبەت خەمۆکی ئەوەیە متمانەت بە چارەسەر زۆر بێت، دڵنیایی تەواوت هەبێت باش دەبیت، بەڕاستیش باش دەبیت. زانایان هەوڵیاندا ڕێگاگەلێک بدۆزنەوە بۆ چاندنی متمانە لە دەروونی نەخۆشەکانیاندا، بەڵام تەنها یەک ڕێگای کارایان دۆزیەوە ئەویش ئەوەیە متمانە بەهۆی پزیشکی چارەسەرکارەوە لەدەروونی نەخۆشدا بچێنن. ئەو نەخۆشەی متمانەیەکی تەواوی بە پزیشکەکەی هەیە، ئاکامگەلێک بەدەستدێنێت زۆر باشتر لەو نەخۆشەی متمانەی بە پزیشکەکەی نییە، هەر ئەوەیە قورئانی پیرۆز کردوویەتی لەگەڵ یەک جیاوازی کە پزیشکەکە لە قورئاندا خوای پەروەردگارە!! خوای گەورە توشی ئەم کەموکوڕیە دەروونییەی کردوویت و هەر لەتوانای خۆیشیدایە ئەم زیانەت لێ دووربخاتەوە، بەڵکو لەتوانایدایە بیگۆڕێت بە خێر و چاکەی زۆر، پەروەردگار دەفەرموێت ﴿وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يُ دۡكَ بِخَيۡرٖ فَلَا رَآدَّ لِفَضۡلِهِۦۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ (107)﴾ [یونس] واتە: (ئەی مرۆڤ) ئەگەر خوا توشی ناخۆشی و زیانێکت بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت فریات بکەوێت و لەسەرتی لابەرێت جگە لەو زاتە، یاخود ئەگەر بیەوێت توشی خێر و خۆشیەکت بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت بەری فەزڵ و بەخششی خوا بگرێت، هەر کام کە بیەوێت لە بەندەکانی بەهرەوەر دەکات (لە ناز و نیعمەتانی بێشومار) ئەو زاتە هەمیشە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە لە ناڕەحەتترین بارودۆخەکاندا سەراسیمای لە ژیانمدا دروستدەکرد، هەر کە بە دۆخێکی ناڕەحەتدا تێپەڕدەبووم دەستبەجێ بیری ئەم ئایەتەم دەکەوتەوە، دڵنیابووم ئەم حاڵەتەی گرفتاریم بە فەرمانی پەروەردگارە. خوای گەورە بەتوانایە لە گۆڕینی ژیان بۆ خێر و چاکە، هیچ کەس ناتوانێت ڕێگری خێر و چاکەم لێبکات، دڵم ئارام و لەحاڵەتێکی توندی پڕ لە خەمۆکی دەگۆڕام بۆ حاڵەتی ڕۆحیی لێوان لە خۆشی و گەشبینی، بەتایبەت کە دەمزانی بارودۆخی خراپ بە ویستی خوای پەروەردگارە، من پێی ڕازیم چونکە خوام خۆشدەوێت و هەر شتێکیشم خۆش دەوێت کە خوا بۆم بڕیار دەدات .. پرسیارم لێرەدا بۆ تۆ، خوێنەری بەڕێز! ئایا ڕازی نیت خوای گەورە پزیشکت بێت، کە سەرچاوەی خێر و چاکەیە، هەر ئەو زاتە بەڕێوەبەری ژیانتە؟ ئەگەر لەگەڵ خوا ژیایت ئایا لەو باوەڕەدایت کەسێک هەبێت بتوانێت زیانت پێبگەیەنێت (لەکاتێکدا کە خوات لەگەڵدایە)؟!

چارەسەری بێئوومێدی لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامدا

یەکەم شت ئەبێت خوا بناسیت بەناوە جوان و سیفەتە بەرزەکانی .
پاشان پشت بەم خاڵانە ببەستە
١-بزانە لەتاقیکردنەوەدایت ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەڵینی داوە کە تاقیمان دەکاتەوە لە ریگای (ترس و برسیەتی و هەژاری و خەم و نارەحەتی و لە دەست دانی خۆشەویستان و نەگەشتین بە تەواوی خەون وئامانجەکانمان) بەتەنها تێگەشتنت لەم خاڵە دەتوانم بەڵێم ئەگەر بە گەشبینیەکی تەواویش نەگەشتبیت ، لانی کەم هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێویستت هەڵناوە ، بۆیە مرۆڤی باوەڕداری بەئاینی ئیسلام پاڵنەرێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ ئەوەی بوەستێتەوە لەبەرامبەر کێشە و گرفتەکانی کە بۆخۆی ئەمەش گەورەی و پێویستی ئاین لە مرۆڤدا دەسەلمێنێت ،
٢-ترسەکانت واز لیٚ بینە . چونکە خوای گەورە لە قورئاندا بە بەردەوامی فەرمانمان پیٚ دەکات کە لە هیچ دروستکراوێکی نەترسین ،
٣-بۆ هەموو شتیک بیر لە لایەنی ئەرێنی واتا لایەنی باشە بکەرەوە . چونکە پیغەمبەرمان صلی الله علی وسلم ئێمەی فیر کردوە کە موسلمان هەمیشە لە ناو خیرو چاکە دایە .
جا ئەگەر توشی خۆشیەک بوو ئەو کات سوپاسی خوای لە سەر دەکات و پاداشتی لەسەر وەردەگریت . وە ئەگەر توشی ناخۆشیەک هات ئەوە ئارامی لەسەر دەگریت و دیسان پاداشتی لەسەر وەردەگرێت .

چارەسەری بێئوومێدی لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامدا

٤-سوپاس گوزاربە لەسەر ئەو شتانەی کە خاوەندارێتیان دەکەیت . بێ گوێدانە
ئەو بارودۆخەی تێیدای سوپاسی خوای گەورە بکە لەسەر ئەو شتانەی پێت بەخشراوە ،
٥-ئارامی و بەختەوەری و بوونی خۆت لەناو پەرستشدا بدۆزەوە ،
چوونکە بەڕاستی هیچ شتێک هێندەی پەرستش ئارامکەرەوە و خۆراکی ڕۆحی مرۆڤ نییە (بۆ ئەوەی بەوردەکاریی و شێوازێکی فراوانتر تێبگەیت لەمەبەستی پەرستش ، بگەڕێرەوە بۆ کتێبی " دەروازەیەک بۆ بیرکردنەوە لە چەمکەکانی ژیان ")
٦- بە گەشبینی بمێنەرەوە و هەمیشە کەسانی بەرز بکە بە نموونەی خۆت . بەنموونە دەتوانیت سوود لەو چیرۆکانە وەربگریت کە خودا لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر پێغەمبەران باسی کردون وەک (زەکەریا و نووح و یونس و یوسف و ئەیووب و محمد) درود و خودایان لەسەربێت ،

خوودا چی پێ ووتم ؟

وتم بۆ کاروبارەکانم بەباشی ناگەنە جێ ؟
وتی: إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ
بێ گومان خودا هەر شتێکی بوێت ئەنجامی دەدات.

وتم بێ کەس و تەنهام
وتی: وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ
پەروەردگارتان فەرمویەتی: بانگم بکەن، وەلأمتان دەدەمەوە.

وتم زۆر دڵتەنگم
وتی: أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ
دڵەکان هەر بە یادی خودا ئارام و ئاسودە دەبن

وتم خەمبارم
وتی: لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا
خەمبار مەبە خوداmان لەگەڵە.

وتم کێشەم هەیە
وتی: إِنَّ مَعَ العُسْرِ يُسْراً
دوای ناخۆشی خۆشی یەت.

وتم بێ هیوا بووم
وتی: لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ
نا ئومێد مەبە لە ڕەحمی خودا.

وتم مرۆڤەکان قسەی ناخۆش ئەکەن
وتی: فَلاَ يَحْزُنكَ قولهم
قسەکانیان خەمبارت نەکات

لەکۆتایدا ئەمەوێت بڵێم ،

لەکۆنەوە بیستوومە :
ئەگەر پارەت لە دەسدا ئەوە تۆ شتێکی بەنرخت لەدەسداوە
بەڵام ئەگەر کەسایەتیت لە دەسبدەیت ئەوە تۆ شتێکت
لەدەسداوە کە بەنرخ ناکڕدرێێتەوە
بەڵام ئەگەر هیوات لە دەسدا ئەوە تۆ شێکت لەدەسداوە کە بە
هیچ شتێک بەدەس نایەتەوە و بەهیچ شتێک ناپێورێت و لەپارەش
گرنتگترەوە و سەرچاوەی کەسایەتیتە!

((لە دڵتدا خوودا ون مەکە با لەچواڵەوانییەک خۆتت لیٚ ون نەبێت!!))

عبدالله دارا
سلێمانی | 4:17 دەقەی بەیانی | 2023\3\17

هاتمە کۆتا
سوپاس و ستایش بۆ خوای جیهانییەکان ..

له نووسینەکانی عبدالله دارا

بۆ هەر پێشنیارێک
فەیسبووک : عبدالله دارا
انیستاگرام : abdulla_daraa
تێلیگرام : abdulla_dara

مافی بەرهەم و نووسینەکانم گشتییە ،
ئەمەی کە من دەیکەم بۆ خوودایە هەر کامێک لەنووسینی کتێبەکانم و
تێکسەتانکمت ویست بێ ئاماژەکردن بە مۆرک و خاوەندارێتی پێشکەشت بێ ..